شەواڕە گرتن وئامادەباشی بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا ، گەلی شانشینی خودا هەمیشە ئامادەن بۆ پێشوازی کردن بە خۆشحاڵیەوەو خزمەتکردنی گەورەکەیان عیسای مەسیح .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

بڕوانە وانەی ٤٥ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

بڕوانە وانەی ٤٥ .

پاشکۆی 4

خزمەت لە کتێبی پیرۆزدا

گفتوگۆی لەبارەوە بکە :کتێبی پیرۆز چیمان فێردەکات لەبارەی خزمەت ؟

١. بۆچی دەبێت باوەڕداران خزمەت بکەن ؟

مەتا ٢٠: ٢٥- ٢٨ ؛ فیلیپی ٢: ٥- ٧ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ١٩- ٢٣ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ ؛ یۆحەنا ١٢: ٢٦ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

خزمەت پێوەرێکی ڕاستەقینەیە لە شانشینی خودا مەتا ٢٠: ٢٥- ٢٨ .
خزمەت ئەوەیە ئێمە وەکو عیسای مەسیح بین وە شوێنی نمونەکانی

عیسای مەسیح بکەوین فیلیپی ٢: ٥- ٧ . خزمەت ئەو تاقە ڕێگەیە بۆ کڕینەوەی خەڵك بۆ عیسای مەسیح ١کۆرنسۆس ٩: ١٩- ٢٣ . خزمەت ئەو تاقە ڕێگەیە کە خودای پێ شکۆدار دەکەین ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ . وە لەکۆتاییدا خزمەت پاداشتە یۆحەنا ١٢: ٢٦ .

٢. کێ لە باوەڕداران دەبێت خزمەت بکات ؟

١کۆرنسۆس ٤: ١- ٢ ؛ عیبرانیەکان ٦: ١٠ ؛ لۆقا ١٦: ١٣ ؛ گەڵاتیە ١: ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ٥ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٥- ٨ ؛ ڕۆما ١٤: ١٣- ١٨ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

دەبێت باوەڕداران خزمەتی عیسای مەسیح بکەن ١کۆرنسۆس ٤: ١- ٢ . وە دەبێت خزمەتی خەڵکانی تر بکەن عیبرانیەکان ٦: ١٠ . وە دەبێت خزمەتی عیسای مەسیح بکەن لەڕێگەی خزمەتکردنی خەڵک وڕێنمایی کردنیان وئاراستەکردنیان بەرەو عیسای مەسیح لۆقا ١٦: ١٣ هەروەها بڕوانە گەڵاتیە ١: ١٠ وە ٢کۆرنسۆس ٤: ٥ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٥- ٨ ؛ ڕۆما ١٤: ١٣- ١٨ .

٣. ئەو لایەنانە کامانەن کە دەبێت باوەڕداران خزمەتی تێدا بکەن ؟

مەتا ٢٤: ٤٥- ٥١ ؛ ٢ کۆرنسۆس ٨: ١- ٤ ؛ ٥: ١٨- ٢١ ؛ کردار ٦: ١- ٤ ؛ لۆقا ١: ٧٤- ٧٥ ؛ مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠- ١١ .

تێبینیەکان .

باوەڕداران خزمەت دەکەن بە پێشکەشکردنی خواردن بۆ خێزانەکانیان لە کاتی گونجاودا مەتا ٢٤: ٤٥- ٥١ . باوەڕداران خزمەت دەکەن بەوەی بە دڵخۆشیەوە دەبەخشن ٢کۆرنسۆس ٨: ١- ٤ . خزمەت دەکەن بەجارِدانی موژدەی ئینجیل بە بێباوەڕان . خزمەت دەکەن بە بونیادنانی باوەڕدارانی دیکەو فێرکردنیان ، خزمەت دەکەن بە پەرستنی ڕۆحی بەبێ ترس و بە پیرۆزی و ڕاستودروستی بە درێژایی ژیانیان . خزمەت دەکەن بە

بەروبومی زیاتر و قۆزتنەوەی دەرفەتەکان وتواناو توانستەکان دەخەنەگەڕ و کۆشش دەکەن وتێدەکۆشن بە دڵسۆزی و دەستپاکی ، بەهرە ڕۆحیەکانیان بەکار دەهێنن بۆ بونیادنانی کڵێسا .

٤. باوەڕداران چۆن دەبنە خزمەتکار ؟

یۆحەنا ١٢: ٢٦ ؛ ڕۆما ١٢: ١ ؛ مەرقۆس ١٣: ٣٤ ؛ لۆقا ١٦: ١٠- ١٣ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ٢٣- ٢٨ ؛ عیبرانیەکان ٦: ١٠ ؛ ١٠: ٣٢- ٣٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ٣- ١٠ ؛ کردار ٢٠: ١٩ .

تێبینیەکان .

کەسێك دەبێت بە خزمەتکار کە شوێن عیسای مەسیح بکەوێت و ببێتە قوتابی عیسا یۆحەنا ١٢: ٢٦ . کەسێك دەبێت بە خزمەتکار بەوەی ناخی خۆی ڕادەستی خوداوەند بکات ڕۆما ١٢: ١ . کەسێك دەبێت بە خزمەتکار کە ئەو ئەرکەی پێی دەسپێردرێت جێبەجێی بکات بە دەستپاکی و دڵسۆزی . نابێت کەسێک بکرێتە ڕابەر تا تاقی نەکرێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەی و دوای سەرەکەتوویی لە ئەرکە بچوکەکاندا . کەسێك دەبێت بە خزمەتکار کە تێبکۆشێ لەپێناوی عیسای مەسیح و ڕووبەڕوی ناخۆشیەکان ببێتەوەو بەرگەی ناڕەحەتیەکان بگرێ و بایەخ بدات بە کڵێسا وە یارمەتی ئەو باوەڕدارانە بدات کە لەئازار وناخۆشیدان .

وە خۆڕاگر بێت لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا ٢کۆرنسۆس ٦: ٣- ١٠ . کەسێك دەبێت بە خزمەتکار کە ساکار بێت لە سەرکەوتنەکانیدا کردار ٢٠: ١٩ .